# تیرۆر و جەنگ دوو ڕووی یەك دراو

حەمەسەعید حەسەن

لەو وتووێژانەدا کە ٢٠٠١/١٠/١٧ لە پەرلەمانی سویددا سەبارەت بە هەڵوێست لە جەنگ دژی ئەفغانستان کران، گودڕون شیمان (سەرۆکی حزبی چەپ) بۆ تیری حزبە بۆرژواکان بوو بە نیشان.

بوو لوندگرێن (سەرۆکی حزبی مۆدیرات) گوتی: شیمان ڕەخنە لە ئەمریکا زێتر دەگرێ وەك لە تالەبان کە ژنان بەردباران دەکەن. ئالف سڤێنسن (سەرۆکی مەسیحییە دیموکراتەکان) گوتی: ئایا دژایەتیکردنی هیتلەر یان ستالین لە ڕێی دیپلۆماتییەوە هیچ ئەنجامێکی چاکی دەبوو؟ لارس لەیۆنبوری (سەرۆکی حیزبی گەلْ) گوتی: ئەو سیاسەتەی شیمان بانگەشەی بۆ دەکا، ڕەچاو کرابا، هەنووکەش کوێت لە ژێر دەستی سەددامدا دەبوو. ئێستاش میلۆسیڤیچ سەرۆکی یۆگۆسلاڤیا دەبوو. شیمان کە شاژنێکی ڕووتە، بووێن بریندار دەکات.

سەرۆکی سۆسیال دیموکراتەکان (یۆران پێرسۆن) کە هاوپەیمانی پارتی چەپە! لە بۆرژواکان شێلگێرانەتر داکۆکی لە هەڵوێستی ئەمریکا دەکرد و دەیگوت: شیمان ئەوە چ دەبێژی؟ بیر بکەوە!

گودڕون شیمان دەیگوت:

- یووێن دەبێ لە ڕاژەی چەسپاندنی ئاشتیدا بێ، نەك لایەنی جەنگ بگرێ،
- بۆردوومانکردنی ئەفغانستان، دەبێتە هۆی تەشەنەکردنی تیرۆر نەك کۆتایی پێهێنانی.
- کە ڕووسیا دژی تیرۆری چیچانییەکان هانا بۆ زەبروزەنگ دەبا، ئێوە بەردەوام بە توندی ڕەخنەی لێ دەگرن، کەچی کە ئەمریکا دژی بن لادن و تالیبان پەنا بۆ جەنگ، لایەنی دەگرن!
- ئەمریکا لە پێناوی زێتر سەپاندنی هێزی خۆیدا شەڕ دەکا، نەك لە دژی تیرۆر.
- دەبێ لە ڕێگەی کۆمەکی ئینسانی، ئابووری، کولتووری و هەوڵی سیاسی و دیپلۆماتییەوە بە گژ تیرۆردا بچینەوە، نەك لە ڕێی جەنگەوە، ئاخر هیچ جیاوازییەك لە نێوان تیرۆر و جەنگدا نییە.
- بۆرژواکان شەرم ناکەن و دەبێژن:
- خراپەکاری بە چاکە چارەسەر ناکرێ، چ قەیدی با لە ئەفغانستانیش سڤیل بکوژرێن، خۆ ئەوانەی لە مانهاتن کوژران، سەرباز نەبوون. بەس نییە ئەمریکای دلۆڤان جارِی جەنگی داوە و خەڵکی بێلایەن دەتوانن، هەڵێن و خۆ حەشار بدەن، خۆ بن لادن لەناکاو پەلاماری پێنتاگۆنی دا.

شیمان دەڵێ:

- شەرمە بۆ ئەمریکا کە بەهێزترین وڵاتی دنیایە، بە مۆدێرنترین چەکی کوشندەوە پەلاماری ئەفغانستان کە هەژارترین وڵاتی جیهانە، دەدا.
- تا دادی کۆمەڵایەتی سەراپای جیهان نەگرێتەوە، ئاشتی ناچەسپێ.
- تۆڵەسەندنەوە کارێکی ناڕەوایە و ڕەچاوکردنی ڕێسای (چاو لە چێی چاو) جیهانێکی نابینای لێ دەکەوێتەوە.

لەو وتووێژانەدا سەوز و چەپ لەسەنگەری چەوساوەکانەوە بوون و سۆسیال دیموکراتی هاوپەیمانیان، وەك حزبە بۆرژواکان، لەسەنگەری ئەمریکادا بوون. جیاوازی نێوان گوتاری چەپ و گوتاری دژە چەپ، ئاسمان و ڕێسمان بوو.

*

لە مێژ بوو بیستبووم کە مەنسوور حیکمەت، پێوەندیی گومانلێکراوی هەیە، بڕوام نەکردبوو، بەڵام کە بۆچوونەکانی ویم دژ بە تیرۆر خوێندەوە و هەستم بە هیچ جیاوازییەکی ڕیشەیی لە نێوان گوتاری ئەو سەرکردە پرۆلیتارییە و تێزەکانی سەرۆکی

Kurdistan Net

ئەمریكادا نەكرد، سووكە گومانێكم پەیدا كرد و ئەوەشم بیركەوتەوە كە حیزبی كۆمونیست! پێش ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ی خەڵكی كوردستان، بە پشتگیریی و كۆمەكی فاشیزم لە عێراق، دەیویست تەلاری سۆسیالیزم لە ئێران، ڕۆ بنێ. هەڵوێستی (حككع) یشم لە مەڕ ئەو قەسابخانەیەی سەربازانی ڕاستەقینەی ئیسلام لە ئاوایی خێڵی حەمە بۆ چەكدارانی مام جەلالیان ساز كرد، وەك ماستاو بۆ ینك سارکردنەوە هاتە بەر چاو. بریا كۆمونیستە پاشكەوتووەكان لە شاژنی چەپ: گودڕون شیمانەوە، فێری گوتاری شیوعییانە دەبوون.

كەسێ كە بەڕاستی كۆمونیست بێ، ددان بە هەڵەی خۆیدا دەنێت و هەوڵی ڕاستكردنەوەی دەدا: كەسێ كە بۆ فریودانی پرۆلیتاریا پۆشاكی شیوعییانەی پۆشیبێ، ناو و ناتۆرە دەخاتە دووی ئەوانەی بە چاوێكی ڕەخنەگرانەوە سەرنجی هەڵسوكەوتی دەدەن.

٢٠٠١/١٠/١٩

Kurdistan Nêt